

گوڵان: کۆمەڵایەتی

لە ڕۆژی جیهانی ئافرەتاندا

# خانمانی کوردستان پاڵپشتی خۆیان بۆ پێشمەرگە دووپات دەکەنەوە



((لە ١٥٩٧دا (شەرەفنامە) باسی سێ خانمی کوردی ناوداری کردوە: یەکەمیان، حەلیمە خانم کە حاکم بووە لە (پاش کالی) ناوچەی هەکاری. دووەم: فاتمەخان بوو بە سەرۆکی ئێزیدییەکان و ناسراو بە (مەلیکە)، سێیەمیش (عادیلەخان)ی ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور، لە ناو(عەشیرەتی جاف)دا رۆڵێکی گەورەی هەبووە لە بووژاندنەوەی ئابووری ناوچەکە. بۆیە ئەرکی هەمووما نە کە رێز لەم خەباتەی خانمان بگرین. بێگومان رۆڵی خانمان تەنها لە بەرێوەبردنی خێزاندا نییە، بەڵکو ئەمڕۆ رۆڵێکی زۆر گەورەیان هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیان، جا لە بواری سیاسەت و حکوومەتدا بێت، یان لە بواری کۆمەڵایەتی و چالاکی مەدەنی. گەرچی هەڵگرتنی چەک لەلایەن خانمانی کوردەوە تازە نییە لە خەباتی میللەتەکماندا، بەڵام خانمانی کورد مێژوویەکی نوێیان بۆ خۆیان نووسیوە، نەک هەر لە مێژووی میللەتی کورددا، بەڵکو لە مێژووی جیهانیشدا. لە شەڕی دژ بە داعش لە کۆبانێ و ناوچەکانی دیکەی کوردستان خانمانی کورد سەرنج و رێزی هەموو جیهانیان بولای خۆیان راکێشا لە شێوازی خەباتی چەکداری و رۆڵی کاریگەریان لە رزگارکردنی ناوچەکانی کوردستان لە ژێر دەستی تیرۆریستان و دوژمنانی میللەتی کورد)).

د.سامان شاڵی لە لێدوانێکدا بۆ گوڵان




گەرچی رۆژی ٨ی مارس وەك رۆژی جیهانی ئافرەت، دەروازەیەکی گەورەی بە رووی دەستەبەرکردنی مافەکانی رەگەزی مێدا کردەوە، ئافرەتانی زۆربەی وڵاتانیش (بە کوردستانیشەوە) ئەسپی خۆیان لە گۆڕەپانی نەهێشتنی جیاوازی رەگەزیدا تاو دا و بناغەی ریفۆرمێکی مێژووییان دانا، بەڵام لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لەم دۆخەدا کە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە سنوورێکی بەرفراواندا پەلاماری دەستکەوتەکانی کورد لە باشووری کوردستان دەدات، ئافرەتان سەرەڕای ئەوەی جیاکاریی نەتەوەیی، ئایینی، مەزهەبی و رەگەزی و هەموو توندوتیژییەك رەتدەکەنەوە، هاوکات لە هەڵمەتی بەرگری و پاراستنی سنوورەکانی کوردستاندا بەشدارن و بە هەموو شێوەیەك پشتیوانی لە پێشمەرگە دەکەن. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان راو سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.

**● ئافرەتی کورد لە هەموو بوارێکدا تواناکانی لە پیاو کەمتر نەبووە**

سیاسەتمەدار و پەرلەمانتار جەمال مورتکە، لە ئاخافتنێکی تایبەتدا بۆ گوڵان، سەرەتا بە هۆی هاتنەوەی ٨ی مارس و ڕۆژی جیهانی ئافرەتان، پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی ئافرەتانی جیهان بەگشتی و ئافرەتانی کوردستان بەتایبەتی دەکات و هاوکات بە پێویستی دەزانێت ڕێکخراوەکانی ئافرەتان دوور لە بیری تەسکی حزبایەتی و ئایدیۆلۆژی هەوڵبدەن، هێزی خۆیان کۆبکەنەوە و بیکەنە بزووتنەوەیەکی کارا کە ڕۆڵی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەبێت. ئاماژەی بەوەش کرد کە «کۆمەڵگە لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ پێکدێت و ئەو دوو ڕەگەزەش کە ئافرەت و پیاون تەواوکەری یەکترن، هەر کۆمەڵگەیەکیش گرنگی بە هەردوو ڕەگەز نەدات، ئەوا باڵانسی هێزی ئەو کۆمەڵگەیە هاوسەنگ نابێ، لەناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا تا ڕادەیەك ئافرەت مافی پێشێلکراوە، لەکاتێکدا ئافرەتانی کورد چ لە بواری دیراسات و خوێندن و ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری ڕۆژانەیاندا و چ لە ناو خەباتی نەتەوەییدا تواناکانیان لە پیاوان کەمتر نەبووە، ئافرەتان لە مێژووی خەباتی کوردایەتی جێ پەنجەیان دیارە و بە دەیان ئافرەتی قارەمان و خاوەن مێژوومان هەیە، ئافرەت لە ناو خێزانیشدا ئەرکی پێگەیاندن و پەروەردەکردنی نەوەی داهاتووی لە ئەستۆ گرتووە، لە هەمان کاتدا بوێرانە هانی پیاو دەدات بۆ ئەوەی بڕژێتە گۆڕەپانی خەبات و پارێزگاری لە نەتەوە و نیشتمانەکەی بکات». گوتیشی: «لە واقعی ئەمڕۆماندا ئافرەتان ڕێژەی ٣٠٪ی کورسییەکانی پەرلەمان پێکدەهێنن، من لە زووەوە داوامکردووە کە پێویستە ئەو ڕێژەیە زیاد بکرێت، چونکە ئەگەر لە تێکڕای ئەرکەکان هەردوولا تەواوکەری یەکتر بین، ئەوا پێویستە لە پۆست و پلەکانیشدا ئەوەیان بۆ ڕەچاو بکرێت».

پەرلەمانتار جەمال مورتکە لە بەشێکی دیکە قسەکانیدا هێمای بۆ ئەوە کرد کە ئەگەر ئافرەتان بە تەواوی بێنە ناو مەیدانی کار بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ڕۆژانە، ئەوکات گرفتە خێزانییەکانیش کەمتر دەبن، سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەتانیش لە شەڕی داسەپاوی داعشییەکان بەرامبەر بە کوردستان گوتی: «هەرگیز ناکرێ ڕۆڵی ئافرەتی کورد لە قۆناغی ئێستادا بە هەند وەرنەگیرێ، کە دوژمنانی کورد ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشیان بۆ لەناوبردنی کورد و نەهێشتنی ئاسەواری نەتەوەیی و نیشتمانیمان دروستکردووە، بە تەقدیرەوە دەبینم ئافرەتانی کوردستان لە بوارەکانی جەنگ، لە ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ، لە هاندانی کوڕ و هاوسەر و براکانیان بۆ هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی پێشەنگن»، گوتیشی: «لێرەوە داوا لە سەرکردایەتی سیاسی دەکەم کە کاری جدیتر بکەن بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەکەماندا جیاوازی لە نێوان نێر و مێ نەکرێ و بایەخی زیاتر بە تواناکانی ئافرەت بدرێ و هەلی زیاتریان لە ناوەندەکانی کار پێ بدرێت، تەنانەت کچان و ئافرەتان لە بواری خوێندن و بە دەستهێنانی بڕوانامە لە ڕەگەزەکەی دیکە زیرەکترن، کەواتە پێویستە ئەو واقعە قبوڵ بکەین کە تاوەکو سوود لە تواناکانی ئافرەت وەرنەگرین، پێش ناکەوین و ناتوانین سەربەخۆیی بە دەستبێنین، ئەگەر بمانەوێ لە ژیانێکی سەردەمییانە بژین و خەونی پێشکەوتن و بە دەوڵەت بوونمان هەبێ، نابێ نیوەکەی دیکەی کۆمەڵگەکەمان فەرامۆش بکەین و پێویستە هەلی زیاتر بۆ ئافرەتان بڕەخسێنین و لەناو خێزانەکانیشەوە دەست پێبکەین».

**● دایکانی کورد ڕۆڵەی وایان پەروەردە کردووە بتوانن وەحشەکانی داعش تێکبشکێنن**

خوناو وەسمان تەها بەڕێوەبەری باخچەی ساوایانی شەقڵاوە، لە دەستپێکی قسەکانیدا ڕۆژی جیهانی ئافرەتان لە خۆی و هەموو ئافرەتانی کوردستان پیرۆز دەکات و هاوکات بە ئەرکی سەرەکیی حکومەت و ڕێکخراوە حکوومی و ناحکوومیەکانی دەزانێت کە کاری جددی بکەن بۆ دیاریکردنی میکانیزمێك کە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی ئافرەتان دەستنیشان بکات و بەرنامەڕێژی بۆ بڵاوکردنەوەی وشیاری و ئاشناکردنی تاك بە مافەکانی ئافرەت بکەن.

خوناو یەکێکە لەو هەزاران ئافرەتە کوردەی کە بە ئەرکی خۆیان دەزانن پشتیوانی پێشمەرگە بکەن، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئەرکی سەرشانی هەموو ئافرەتانی کوردە کە خزمەت بە گەل و میللەتەکەی خۆیان بکەن. ئافرەت و پیاو تەواوکەری یەکترن، وەك یەکیش دەبێت لە خزمەتکردن و پارێزگاریکردن لە خاك و نیشتمانیان بەشدار بن. بەتایبەتی لە ئێستادا کە دوژمنێکی دڕندە هەوڵی داگیرکردنی وڵاتەکەمان دەدات، پێشمەرگە نیشتمانپەروەرەکانیش بە گیانی خۆیان پارێزگاری لە سنوورەکانمان دەکەن، هاوکاریکردنی پێشمەرگە ئەرکی سەرەکیمانە». گوتیشی: «ئافرەتی کورد هەر لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول شان بە شانی برا پێشمەرگەکانی خزمەتی بە کوردستان کردووە، لە



هەموو لایەنێکەوە ئافرەتی کورد ڕۆڵی گەورەی بووە، لە ئامادەکردنی خواردن بۆ پیشمەرگە لە خەباتی سەردەمی شاخ تا ئێستا، هەروەها ئەرکی ماڵ و منداڵی خۆی لە ئەستۆ بووە و نەوەیەکی وڵاتپارێزی پەروەردە کردووە. ئەوە دایکانی کوردن کە ڕۆڵەی وایان پەروەردە کردووە، ئێستا هەیبەتی وەحشەکانی داعش تێکدەشکێنن».

ئەو مامۆستایە سەرەڕای قەیرانی ئابووری، هەوڵی داوە بە کارێکی خۆبەخشانە و بە یارمەتی ژمارەیەك لە هاوکارانی پشتیوانی برا پێشمەرگەکانیان بکەن و خواردەمەنییان بۆ بنێرن. هەر لەو بارەیەوە گوتی: «من وەك ئافرەتێکی کورد و وەك مامۆستایەك بیرم لەوە کردەوە چۆن بتوانین هاوکاری برا پێشمەرگەکانمان بکەین بۆ بەرگریکردن لە خاکی کوردستان دژی دوژمنانی کورد و نەتەوەکەمان، جگە لە کاری مامۆستایەتی کە خزمەت بە منداڵی کورد بەگشتی و منداڵانی پێشمەرگە دەکەین، سەرەڕای هەموو باری نالەباری ئابووریی مامۆستا و کەمی مووچە و دواکەوتنی، بە یارمەتی ژمارەیەك لە هاوکارانم بیرمان لەوە کردەوە یارمەتی براپێشمەرگە کانمان بدەین بە دروستکردنی کەمێك شیرینی، هەرچەندە شتێکی ئەوتۆ نەبوو، بەڵام حەزمان کرد ئێمەش لەم هەڵمەتە پیرۆزەدا بەشدار بین و بە پێشمەرگەکان بڵێین کە ئێوە تەنیا نین، ئەگەر نەشتوانین بە هۆی ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆماندایە شان بە شانی ئێوە چەك هەڵبگرین، بەڵام بە دڵ لەگەڵ هەموو هەنگاوەکانتاندایین. چونکە ئەوە پێشمەرگەیە کە بەرگری لە ناموس و گەل و نیشتمانەکەمان دەکات».

**● ئافرەتی سیاسی لە چوارچێوەیەکدا حەشار دراون**

ڕۆژنامەنووس و چالاکی مافی مرۆڤ سۆنیا سدیق، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ئەمڕۆ ئافرەتی کورد، لە هەردوو ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی بە سەر قۆناغێکی سەختدا تێدەپەڕێ. بێگومان بە هۆی جەنگی داعش، ژیانی هەموو هاوڵاتیان شڵەژاوە، و هاوکات کاریگەری نیگەتیڤی بە سەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی هەموو کەسەکان کردووە. بەڵام ئەم کاریگەرییە، فشاری بۆ سەر ئافرەتان زیاترە، چونکە لە کاتی جەنگدا ژن هەڵدەستی بە ئەرکی خۆی و پیاویش»، گوتیشی: «ئەگەر باسی ڕۆڵ و بەشداری ئافرەت بکەین لە بەرەکانی جەنگدا لە هەرێمی کوردستان، دوور لە دروشم و خۆهەڵکێشان؛ ئەوە بێگومان ئافرەتی ئێمە ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆ و بەرچاوی نەبووە، تەنها ئەوە نەبێت کە ئەرکە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانی زیاتر بوون بەراورد لەگەڵ جاران، بە هۆی دوورکەوتنی پیاوان و نائامادەییان لە ڕۆتینی ڕۆژانە، چونکە بەداخەوە ئەمڕۆ پیاوانمان، ئەوەندەی ژیانی ڕۆژانەیان لە بەرەکانی جەنگدا بەسەردەبەن، چارەگێکی ئەوەندە ناتوانن لە نێو خێزانەکانیان بەسەر بەرن. کاتێك ئەڵێم ئافرەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی دیار و بەهێزی نییە، مەبەستم کەمکردنەوە نییە لە تواناکانی ئافرەت، بەڵام ئافرەتی کۆمەڵگەی ئێمە نەیتوانیوە، هاوتای ئافرەتانی کۆبانی بێت، ڕاستە هەموویان کوردن، بەڵام ئەو دەرفەتەی ڕەخساوە بۆ ئافرەتانی ڕۆژهەڵات و باکوور، بۆ ئافرەتی کۆمەڵگەی ئێمە نەڕەخساوە. ئەم جیاوازییە لە ڕۆڵنواندنی ئافرەت، لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان هۆکاری زۆرە، لێرەدا ئاماژە بە

گرنگترینیان دەکەم.

بێگومان هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ کەلتووری وڵاتانـــی داگیرکەر، هـــۆکاری دووەم، دەگەڕێتەوە بۆ ئایدیۆلۆژیا، مەبەستم پارتە سیاسییەکانی ئەو بەشانەی دیکەی کوردستانە. ئەگەر باس لە کەلتوور بکەین، ئەوە بێگومان بەشـــەکەی هەرێمی کوردستان، لە هەر سێ بەشـــەکانی دیکە داخراوەترە، لە راستیدا ئەم باسە زۆر هەڵدەگرێ، هاوکات پێویستی بە توێژینەوەی مەیدانی و فـــراوان هەیە، بۆ ئەوەی هەمـــوو رەهەندەکانی ئەم هۆکارەمان بۆ روون بێتەوە. بەڵام ئافرەتی کۆمەڵگەی ئێمە، راســـتە لە سەردەمی پێشـــمەرگایەتی، کاریان لەگەڵ پیاوان بووە و لەگەڵ ئەوان لە تێکۆشاندا بوون، بـــەڵام رێژەیان کەم بوو، دواتر ئافرەتی سیاســـییان لە چوارچێوەیەکدا حەشـــار داوە، ئەویش لە یەکێتییەکان و رێکخراوەکانی ئافرەتان، یان ژنان، ئەمە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە دوورخســـتنەوەی ئافـــرەت لە کاری سیاسی و ئایدیۆلۆژی بەگشتی. ئەم راستییانە بوونە هۆکاری ئـــەوەی، ئافرەتانـــی هەرێمەکەمان، نەتوانن هەمـــان رۆڵە مەزنەکەی کیژانی کۆبانێ ببینن، بەڵام هەر کاتێك کۆمەڵگەی ئێمە، کەلتووری ئێمە، باوەڕی بە تواناکانی ئافرەت هێنا و دەرفەتی بۆ رەخساند بچێتە بەرەکانی جەنگ و شـــان بە شانی پیاوانی پێشمەرگە بەشداری لە بەرگریکردن لە وڵاتەکەی بکات، ئەوکات رۆڵـــی ئافرەتەکانمان تەنها لە بازنەی چێشـــتلێنان بۆ پێشمەرگەکان نامێنێتەوە، بەڵکو مونافسەی ئافرەتانی کۆبانێـــش دەکات. بەڵام واقیعـــی کۆمەڵایەتیمان نە ئـــەو متمانەیە بە ئافرت دەکات، نـــە ئەو بڕوایەی بە تواناکانـــی هەیە، ئیتر چۆن رۆڵێکـــی بەرچاوی لەم قۆناخەدا هەبێت؟»

### ● ئافرەتانی کورد لە مێژووی میللەتەکەیان رۆڵی گرنگیان بووە

لـــە لای خۆیەوە کەســـایەتی ئەکادیمی و سیاســـی د. ســـامان شـــالی ســـەبارەت بە رۆڵی ئافرەتی کورد لـــە قۆناغە هەســـتیارەکاندا بەمجـــۆرە راو بۆچوونی خۆی بۆ گوڵان خســـتەڕوو: «رۆڵـــی خانمی کورد لە مێـــژووی میللەتەکەمان رۆڵێکی بە نرخ و گرنگ بووە بۆ پێشخســـتنی پرســـە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەکان. لە ١٥٩٧دا (شەرەفنامە) باســـی سێ خانمی کوردی ناوداری کـــردوە: یەکەمیان، حەلیمە خانم کە حاکم بووە لـــە (پاش کالی) ناوچەی هەکاری. دووهەم: فاتمەخان بوو بە ســـەرۆکی ئێزیدییەکان و ناســـراو بە (مەلیکە)، ســـێهەمیش (عادیلەخـــان)ی ناوچـــەی هەڵەبجـــە و شـــارەزوور، لە ناو(عەشرەتی جاف)دا رۆڵێکی گەورەی



جەمال مورتکە:

**ئافرەتانی کوردستان لە بوارەکانی جەنگ، لە ئامادەکردنی پێداویستییەکانی رۆژانەی پێشمەرگە لە هاندانی کوڕ و هاوسەر و براکانیان بۆ هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی پێشەنگن**



حەیات مەجید:

**چەندین ئافرەت شەهید بوون، ئەوانەش کە لە ماڵەوەن وێڕای سەرپەرشتیکردنی خێزان و پەروەردەکردنی منداڵ لە غیابی باوک و بەڕێوەبردنی دەزگاکانی دەوڵەت، درێغییان نەکردووە**



ئاری رەفیق:

**لە رۆژی ٨ی مارس پێویستە رێز لەو هەموو دایک و ژنە پرسەدارانە بگرن کە کوڕ و برا و مێردەکانیان لە پێناو پارێزگاری لە کورد و کوردستان کردۆتە قوربانی**



هەبووە لە بووژاندنەوی ئابووری ناوچەکە. بویە ئەرکی هەمووومانە کە ریز لەم خەباتەی خانمان بگرین. بێگومان رۆڵی خانمان تەنها لە بەڕێوەبردنی خێزاندا نییە، بەڵکو ئەمڕۆ رۆڵێکی زۆر گەورەیان هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیان، جا لە بواری سیاسەت و حکوومەتدا بێت، یان لە بواری کۆمەڵایەتی و چالاکی مەدەنی. گەرچی هەڵگرتنی چەك لەلایەن خانمانی کوردەوە تازە نییە لە خەباتی میللەتەکماندا، بەڵام خانمانی کورد مێژوویەکی نوێیان بۆ خۆیان نووسیوە، نەك هەر لە مێژووی میللەتی کورددا، بەڵکو لە مێژووی جیهانیشدا. لە شەڕی دژ بە داعش لە کۆبانێ و ناوچەکانی دیکەی کوردستان خانمانی کورد سەرنج و ریزی هەموو جیهانیان بولای خۆیان راکێشا لە شێوازی خەباتی چەکداری و رۆڵی کاریگەریان لە رزگارکردنی ناوچەکانی کوردستان لە ژێر دەستی تیرۆریستان و دوژمنانی میللەتی کورد. هەروەها هەندێك خانم چەکیان هەڵنەگرتووە، بەڵام کاری زۆر گرنگ دەکەن بۆ بەڕێوەبردنی دەزگاکانی حکومەت و رۆڵێکی باشیان بینیوە لە پەرلەمان و کۆمەڵی مەدەنی و میدیاکان، ئەوانەی دیکەش بەردەوام پاڵپشتی پێشمەرگە دەکەن. دەبێت ئەوە لەبیر نەکەین کە هاوسەرەکانیان لە جەنگن، ئەمان ئیدارەی خێزان دەکەن وەکو دایك و لە جێگەی باوکیش، لە لایەکی دیکەوە خانمان لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا لە دێزەمانەوە تا ئێستاش شان بە شانی پیاوان لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و دابینکردنی بژێوی خێزان دەوریان بینیوە، هەروەها جێپەنجەیان دیار بووە لە شیعر و تەمسیل و پەروەردەکردنی نەوەکانی نوێی خوێندکاران. بەڵام بەداخەوە بەپێی پێویست خانمان رۆڵی سەرەکییان لە ئاستی بڵندی حزبەکان و حکومەتدا پێنەدراوە. لە کابینەی ئێستای حکومەتی هەرێمدا تەنها یەك خانم وەزیرە، لە کاتێکدا کە ئەم رێژەیە ناگاتە ٥٪ی کابینەی وەزارەتەکان. ئەمە جێگەی پرسیار و ئاوڕلێدانەوەیە و پێویستە کار بکرێت بۆ زیادکردنی رێژەی بەشداریکردنی خانمان لە ئاستی دەستەڵات و بڕیاردا. لەوە دەچێت خانمی کوردستانی خۆیشی کەمتەرخەم بێ لە بەدەستهێنانی مافەکانی، چونکە پێداناگرێ لەسەر داواکارییە رەواکانی و یەك هەڵوێست نییە لەگەڵ خوشکەکانیدا، لە کۆتاییدا ماوە بڵێین: خانمان کانی ژیانن، پێویستە ژن بۆ ژیان و ژیان بۆ ژن بێت».

**● ئافرەتان درێغییان لە کۆمەککردنی پێشمەرگە نەکردووە**

لە لای خۆیەوە حەیات مەجید ئەندامی لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوەی بۆ گوڵان کرد کە «ئافرەتی کورد لە دێرزەمانەوە و لە سەردەمی خەباتی شاخ و شار خەباتگێڕ و زەحمەتکێش بووە، وێڕای رۆڵی دایکایەتی و پەروەردەکرنی منداڵ ئافرەتان هاوسەنگەر و هاوکاری برا پێشمەرگەکان بوون، لە ئێستاشدا رۆڵی گرنگتر و هەستیارتریان بینیوە»، گوتیشی: «خۆشبەختانە ئافرەتی مامۆستا و بەڕێوەبەر و رۆژنامەنووس و وەزیر و پەرلەمانتارمان هەیە، ئەوەش بۆ هەوڵ و خەباتی خودی ئافرەتان دەگەڕێتەوە، کە توانیویانە ئەو کرانەوەیەی کە لە ئاستی دونیادا هەیە، بیقۆزنەوە و سوود لەو دەرفەتە وەربگرن و بێنە مەیدانی خەبات و تێکۆشان لە پێناو یەکسانی لە ئەرك و مافدا و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی ئابووری هەڵبگرن، چونکە سەربەخۆبوونی

ئافرەت لە رووی ئابوورییەوە هۆکارێکە بۆ رزگاربوونی خودی ئافرەت لە چەوسانەوە و جیاکاری، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا کە کەوتووینەتە ناو جەنگێکی نەخوازراو دیسان رۆڵ و هەوڵەکانی ئافرەت مایەی شانازی هەموو گەلی کوردە، ئەمڕۆ ئەرکی ئافرەتی کورد لە ئەرکی دوێنێی زۆر قورسترە، ئافرەت وەکو پیاو چەکی شەرەفی هەڵگرتووە و بەرگری لە خاك و نیشتمان دەکات و چەندین ئافرەتیش لەم جەنگەدا شەهید بوون، ئەوانەش کە لە ماڵەوەن وێڕای سەرپەرشتیکردنی خێزان و پەروەردەکردنی منداڵ لە غیابی باوك و بەڕێوەبردنی دەزگاکانی دەوڵەت، درێغییان لە کۆمەککردنی پێشمەرگە نەکردووە، کۆمەڵ کۆمەڵ و دەستە دەستە کۆدەبنەوە و نان و خواردن بۆ پێشمەرگە ئامادە دەکەن».

**● خانەوادەی شەهیدان پێویستییان بە قەرەبووکردنەوەی مەعنەوی هەیە**

ئاری رەفیق قوتابی ماستەر، رایوایە «لە ساڵڕۆژی ٨ی مارس جێی خۆیەتی هەم رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی هەم دامەزراوە حکومییەکان چەند دەستپێشخەری بکەن: یەکەم: کاری جددی بکەن و هەوڵی زۆر بدەن بۆ دۆزینەوەی خانەوادەی یەك بە یەکی ئەو ١٠٠٠ شەهیدەی کە لە شەڕی پاراستنی نیشتماندا ماڵئاواییان لێکردین، دواتر «خەڵاتی رێزلێنان» ببەخشنە یەك بە یەکی ئەو دایکانەی کە کوڕەکانیان لە شەڕی دژبە داعش پێشکەش بە خاك و نیشتمان کرد.


دووەم: بۆ قەرەبووکردنەوەی لایەنی مەعەنەوییان جێی خۆیەتی لەسەر رووپەڕی هەر رۆژنامەیەك و لەسەر دیواری هەر شوێنێك و لە یادکردنەوەی هەر شەهیدێکدا وێنەی منداڵ و دایکی شەهیدەکەش هەڵبواسرێ».

گوتیشی: «ئەوە ئاست و فۆرمی پەروەردەی دایکانە وادەکا ئەو ژمارە زۆرە قارەمانە گیانی خۆیان ببەخشن لەپێناوی پاراستنی ئەوانی دیکەدا، ئەوە ئازایەتی دایکە کوڕێکی ئازا بەرهەمدەهێنێ و دواجار دەیبەخشێ بە نیشتمان، نابێ لە بیرمان بچێ کە لە پاش شەهیدبوونی هەر کوڕێکی ئەو نیشتمانە هیچ کەس ئەوەندەی دایکی لە ئاست ئازار و حەسرەتی لە دەستدانی کوڕەکەیدا ناتوێتەوە، چونکە «دایك» سێ جار دەبێتە قوربانی، جارێك ٩ مانگ بە ئازارەوە کوڕێك هەڵدەگرێ دواتر بە ئازارەوە دەیهێنێتە دنیاوە و دواتریش بە ئازارەوە پەروەردەی دەکا، جاری دووەمیش ئەو کاتەی هەر بە ئازارەوە جەستەی سووری کوڕەکەی دەبینێ و دەیبەخشێ بە نیشتمان، جاری سێیەمیش هەر بە ئازارەوە لەگەڵ یادەوەرییەکانی دەژی و هەر بەو یادەوەرییانەشەوە دەمرێ».



سۆنیاسدیق:

**هەر کاتێک کۆمەڵگەی ئێمە، باوەڕی بە تواناکانی ئافرەت هێنا و دەرفەتی بۆ رەخساند بچێتە بەرەکانی جەنگ، ئەوکات رۆڵی ئافرەتەکانمان تەنها لە بازنەی چێشتلێنان بۆ پێشمەرگەکان نامێنێتەوە**



د. سامان شالی:

**خانمانی کورد مێژوویەکی نوێیان بۆ خۆیان نووسیوە و لە شەڕی دژ بە داعش سەرنج و رێزی هەموو جیهانیان بولای خۆیان راکێشاوە**



خوناو وەسمان:

**پێشمەرگە نیشتمانپەروەرەکان بە گیانی خۆیان پارێزگاری لە سنوورەکانمان دەکەن، هاوکاریکردنی پێشمەرگە ئەرکی سەرەکیمانە**